زنجیرە ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست (٤٨)

# ئاواتی مردووەکان


نوسینی

د. محمد بن إبراهيم النعيم

وەرگێڕانی

م.شاخەوان جواد ئەحمەد


پێش نوێژو وتار بێژی مزگەوتی (سەید ئەحمەدی فەیلەسوف)

لە پیریادی- چەمچەماڵ


چاپی یەکەم ١٤٣٠ کۆچی - ٢٠٠٩ زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی پەرتووک

# ئاواتی مردووەکان


نوسینی

د. محمد بن إبراهيم النعيم

وەرگێڕانی

م. شاخەوان جەواد ئەحمەد



مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی

پارێزراوە.



چاپی یەکەم: ١٤٣٠ ك - ٢٠٠٩ ز

ژمارەی سپاردن: ( ٣٤٦ )

کتێبخانەی سیـــما

( ٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩ )

بنکەی بڵاوکردنەوە:

کتێبخانەی سوننە
سلێمانی

کتێبخانەی سیما
چەمچەماڵ

کتێبخانەی زانست
کەلار

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونتوب إليه ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له واشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ (١)

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ (٢)

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ (٣)

أما بعد:

فإنَّ خيرَ الحَديث كتابُ الله، وَخيرَ الهَدْي هَدْيُ مُحَمَّد (ﷺ)، وَشرَّ الأمورِ مُحْدَثاتُها، وكلَّ مُحدَثَةٍ بدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَة، وَكُلَّ ضَلالَةٍ في النّار.

---

(١) سورة آل عمران، آية (١٠٢).

(٢) سورة النساء، آية (١).

(٣) سورة الأحزاب، آية (٧٠–٧١).

## پێشـــەکـــی:

موسڵمانی خۆشەویست مـردن فـەوتان و لـەناو چـوونی یـەکجاری نییـە، نـەخێر هەرگیز وانییە، بەڵکو لێکترازان و جیابوونەوەی ڕوحە لـە لاشـــە تـا کـاتێکی دیـاری کـراو، وە گۆڕانـە لـە حاڵەتێکـەوە بـۆ حاڵەتێکـی تـر، وە گواستنەوەیە لە شوێن و ماڵێکەوە "دونیا" بۆ شوێن و مـاڵێکی تـر "ژیـانی بەرزەخ و دواڕۆژ"، مردن یەکێکە لە موسیبەتەکان، بـەڵکو گەورەترینیانـە، هەروەك خوای پەروەردگار بە موسیبەت ناوی بردووەو دەفەرموویێت:

﴿ فَأَصَبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِ ﴾، بەڵێ مردن گەورەترین ناڕەحـەتی و بەڵایـە کـە تووشـی مرۆڤـەکان دەبێـت، زاناکـان "ڕەحمـەتی خـوای گـەورەیان لـێ بێـت" دەفـەرموون: لـە مـردن گـەورەتر بریتییـە لـە: بێئاگـا بـوون لێـی، پـشت هەڵکردن لێی، کەم بیر کردنەوە لێی، کردەوە نـەکردن بـۆی، مـردن تـەنها خـۆی ئامۆژگارییـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە پەنـدو ئامۆژگـاری وەردەگـرن، گەورەترین بە بیر هێنانەوەیە بۆ کەسێك بیرو هۆشی هەبێت.

بەڵێ مردن سەر ئەنجامی هەموو بونەوەرو دروستکراوێکە، هەرگیز ڕاکردن و دەرباز بوون نییە لێی، مردن ئەو نەخۆشییەیە کە هیچ شیفاو چارەسەرێکی نییـە، ئـەو کۆتاییەیـە کـە ڕووبـەڕووی هـەموو موسـڵمان و بێباوەڕێـك، دەوڵەمەندوو هەژارێك، دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتێك، گەورەو بچوکێك، هەموو دوورو نزیکێك، ناودارو بێناوێك، پیاوو ئافرەتێك، خۆشەویـست و دوژمنێـك، لەش ساغ و نەخۆشێك دەبێتەوە.

بەڵێ کەسێك کە کۆتاییەکەی مردن بێت، جێگای ناو سکی خۆڵ بێت، کرم و

جانەوەری ناو زەوی هاوڕێی بێت، گۆڕ مەنزڵگای بێت، قیامەت پەیمان پێدراوی بێت، بەهەشت یان دۆزەخ سەرئەنجامی بێت، حەق وایە بەردەوام یادی لای مردن بێت، بەردەوام لەبیریدا، خۆی بۆ ئامادە بکات.

ئەی بەندەکانی خوا هەر کاتێك چاو گریاو فرمێسکی پێدا هاتە خوارەوە بەڵگەیە لەسەر لەخوا ترسانی، بەڵام هەر کاتێك چاو قایم بوو گریان و فرمێسکی پێدا نەهاتە خوارەوە بەڵگەیە لەسەر دڵ ڕەقی، دڵ ڕەقیش بەڵگەیە لەسەر تاوان زۆری، تاوان زۆریش بەڵگەیە لەسەر لە بیر کردنی مردن و ناڕەحەتیەکانی، لە بیر کردنی مردنیش بەڵگەیە لەسەر هیواو ئاوات درێژی، هیواو ئاوات درێژیش بەڵگەیە لەسەر سوور بوون بۆ بەدەست هێنانی دونیا، سوور بوون لەسەر بەدەست هێنانی دونیا بەڵگەیە لەسەر خۆش ویستنی دونیا، خۆش ویستن و باوەش کردن بە دونیا سەرچاوەی هەموو تاوان و خراپەیەکە.

موسڵمانی خۆشەویست دونیا هەڵخەڵەتێنەرە بەدەم خەڵکەکەیەوە پێدەکەنێت، هەر کەسێك پشتی لێ هەڵبکات و لێی دوور بکەوێتەوەو بە جوانی و خۆشیەکانی نەخەڵەتێت ئەوە سەلامەتە لێی، وە هەر کەسێك ڕووی تێبکات و باوەشی پیا بکات و بە جوانی و خۆشیەکانی هەڵبخەڵەتێت ئەوە توش بووەو تیاچووە پێی.

خوشکی بەڕێزم.....برای ئازیزم دونیا وەکو مار وایە: پێستەکەی نەرمە، ژەهرەکەی بکوژە، ڕۆژگارەکانی وەکو خەوو خەیاڵ تێدەپەڕێت و بەسەر دەچێت، لەززەت و خۆشی و جوانیەکانی زۆر زوو نامێنێت و تەواو دەبێت،

دەی کەوابوو تیایدا سەرقاڵ بە بەپەرستنی خـوای پـەروەردگارو گوێڕایـەڵی کردنی، بەردەوام لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی خۆتدا بکە و بێئاگا مەبە لێـی و جڵەوی بۆ شل مەکە.

**لە کۆتاییدا بانگێک**: بۆ هەموو ئـەو کەسـانەی کـە نوێـژ ناکـەن یـان کەمتەرخەمن و بەفیڕۆی ئەدەن، ئەوانەی شوێنی ئارەزوەکانیان کـەوتوون، ئەوانـەی دووڕوون، ئەوانـەی زیناکـەرن، ئەوانـەی زوڵـم و سـتەم دەکـەن، ئەوانـەی ژیـانی دونیایـان داوە بەسـەر خۆشـییەکانی دواڕۆژدا، بـۆ هـەموو غەیبـەت چـی و دوو زمـان و حەسـودەکان، بـۆ ڕیبـا خۆرەکـان، بـۆ ئـەو کەسـانەی بـە هـۆی مـاڵی دونیـاوە ناخۆشـی نـاو گـۆڕو دۆزەخیـان لـە بـیر کردووە، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە چاوەکانیان کـوێرو مانـدووکردووە بـە تێڕوانینـی حـەرام بـۆ کـەناڵ و فیلمـە بەدڕەوشـتەکان، بـۆ ئـەو کەسـانەی گوێیان پڕ کردووە لـە بیـستنی گـۆرانی و مۆسـیقاو ووتـەی خـراپ، بـۆ ئـەو کەسانەی ماڵ و ئیش و کارگە حەرامەکانیان سەرقاڵی کـردوون، بـۆ هـەموو ئەو کەسانەی هەواو ئارەزوو چاوو دڵی کوێر کردوون "بەلاشە زیندوون بەڵام لە ڕیزی مردووەکانن"، بۆ ئەو کەسانەی بەرتیل دەدەن یان وەری دەگـرن، بۆ هەموو عارەق و تلیاك خۆرەکـان، بـۆ ئـەو کەسـانەی جـل و بـەرگیان لـە خوار قاپە ڕەقەی پێیانە"پیاوان"، بۆ ئەوانەی کـەل و پـەلیان بـە سـوێندی درۆ دەکڕن یـان دەفرۆشـن، بـۆ هـەموو ئـەو ئافرەتانـەی خۆیـان بـە جـل و بەرگی ناشەرعی پۆشیوەو خۆیان دەچوێنن بـە پیـاوان، **بـۆ هـەموو تـاوان بـاران بـە گـشتی، بەڵکــو بـۆ هـەموو ئیمانـداران و چـاکەخوازان بــە**

**گشتی، ئاگاداربین مردن و ناڕەحەتی سەرەمەرگ لە بیر نەکەین، بەڵکو خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، تا لە دوای مردن لە پەشیمانان و خەسارەو مەندان نەبین....**

داواکارین لە خوای پەروەردگار کە یارمەتی دەرەمان بێت و مردن بکاتە مایەی حەسانەوەمان لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی دونیا، لە دوای مردن ماندووبونمان بحەسێتەوە، ڕەحم بە مردووەکانمان بکات و لە ئێمەو ئەوانیش خۆش بێت، بە بەهەشتی پان و بەرین و پڕ لە نازوو نیعمەت شادمان بکات، لە سزای ناو گۆڕو ئاگری دۆزەخ بمان پارێزێت، آمـــين.
موسڵمانی خۆشەویست ئەم کیتابەی بەردەستت بەشێکە لە کیتانی (کیف تسابق إلى الخيرات؟)

نوسینی: **د. محمد بن إبراهيم النعيم.**

**م.شاخەوان جەواد ئەحمەد**

**٢٨ جەمادی دووەمی ١٤٣٠ کۆچی**

## ئاواتی مرۆڤەکان جیاوازە

هـەموو مرۆڤێـك لـەم دونیایـەدا چـەندین هیـواو ئـاواتی هەیـە، ئاواتـەکان جیاوازن، ئەویش بە هۆی ئەو کۆمەڵگەیەی ئـەو مرۆڤـەی تێـدا ئـەژێت، یـان ئەو بیرو بۆچوونەی ئەو مرۆڤەی لەسەر پەروەردە ئەبێت، یان ئەو هـاوڕێ و هاوەڵانەی ئەو مرۆڤە هاوەڵایەتیان دەکات.

ئەگەر پرسیار لە کەسێك بکەیت ئاواتت چییە لەم ژیانەدا؟ ئەو کەسـەی کـە پرسیاری لێ دەکەیت ئەگەر کەسێکی هەژارو نەدار بێت، نەبوونی و هەژاری زۆری بۆ هێنا بێت و تەواو بـێ تاقـەتی کردبێـت، ئـێش و ئـازارو ناڕەحـەتی نەبوونی و هەژاری چەشتبێت، ئـەو کەسـە تـاوات ئـەخوازێت بـە بوونـەیی و دەوڵەمەندی، تاوات ئەخوازێت بە بـوونی چـەندین خـانوو بـەرە و سـەیارەو پارە، تا بە خۆشـی بژیایـە، هـەروەك چـۆن کەسـانی دەوڵەمـەند هـەبوون و ژیانیان خۆش و ئاسوودەیە.

ئەگـەر نەخۆشـێك ببینیـت کـە نەخۆشـی پـەکی خـستبێت و لەسـەر جێگـا کەوتبێت و هێزو دەسەڵاتی نەما بێت، تـام و خۆشـی خـەوو خـواردنی نـەما بێت، ئەگەر پرسیاری لـێ بکـەیت ئاواتـت چـییە لـەم ژیانـەدا؟ دەی بینیـت ئاواتـەخوازە ڕزگـاری بێـت و چـاك بێتـەوە لـەو نەخۆشـییە، ئەگـەر هـەموو ماڵەکەشی بدا لە ڕێیدا.

وە ئەگــەر پرســیار لــە هەنــدێك دەوڵەمەنــدەکان بکــەیت ســەبارەت بــە

ئاواتەکانیان؟ دەیان بینیت ئاواتیان زیاتر بوونەو دەوڵەمەندییە، تا لە فـلان و فلانەکەس دەوڵەمەندتر بن.

بەو شێوەیە دەبینیـت کەسـانی نـەبوو قەناعـەتیان نییـە، هـەبووەکان تێـر نابن، ئاواتەکانی دونیاش زۆرن و کۆتاییان نایات.

بەڵێ، بەڕاستی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕاسـتی فـەرمووە کـە دەفـەرمووێت: ((لَو أنَّ لابْنِ آدَمَ وادِياً من ذَهَب لَأحَبَّ أنْ يَكونَ إليه مثْلُهُ وَلا يَمْلأُ عَيـــنَ ابْنِ آدَمَ إلاّ التُّرابُ، وَيَتوب اللهُ عَلى مَـــن تابَ))[1].

واتە: ئەگەر مرۆڤـ پڕ بە دۆڵێك "شیوێك" ئـاڵتونی هـەبێت، ئاواتـە خـوازەو پێی خۆشە پڕ بە دۆڵێکی تر ئاڵتون و زێڕی هەبوایە، وە هیچ شـتێك چـاوی پڕ ناکات و تێری ناکات مەگەر خۆڵ "مردنی و چوونە نـاو گـۆڕ"، وە خـوای پەروەردگار تەوبە لەو کەسانە وەردەگرێت کە تەوبە دەکەن و دەگەڕێنـەوە بۆ لای خوای پەروەردگار.

وە لە ڕیوایەتێکیدا تردا دەفەرمووێت: ((....أَحَبَّ إلَيه ثانياً وَلَو أُعْطِيَ ثانيـــاً أَحَبَّ إلَيهِ ثالثاً وَلا يَسُدُّ جَوفَ ابْنِ آدَمَ إلاّ التُّرابُ، وَيَتـــوبُ اللهُ عَلـــى مَـــن تابَ))[2].

واتە: ئەگەر پڕ بە دۆڵێکی هەبێت ئاوات ئەخوازێت و پێی خۆشە دووانی پێ

---

[1] رواه الإمام أحمد –الفتح الرباني- (٢٤٧/١٩)، والبخاري واللفظ له (٦٤٣٩)، ومسلم (١٠٤٨)، والترمذي (٢٣٣٧)، والدارمي (٢٧٧٨).

[2] رواه البخاري (٦٤٣٩)، وانظر السلسلة الصحيحة (٢٩١١)، و صحيح الترغيب والترهيب (١٧١٥).

بدرایە، ئەگەر پڕ بە دوو دۆڵی پێ بدرایە حەزی ئەكرد پڕ بە سیانی هەبوایە، وە هیچ شتێك سكی مرۆڤەكان تێر ناكات تەنها خۆڵ نەبێت، وە خوای پەروەردگار تەوبە لەو كەسانە وەردەگرێت كە تەوبە دەكەن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار.

بەڵێ كوڕانی نەوەی ئادەم (عليه السلام) هەتا مردن بەردەوامن و سوورن لەسەر كۆكردنەوەی ماڵی دونیا، ئەو كاتە سكیان پڕ دەبێت و تێر دەبن لە خۆڵی ناو گۆڕەكەیان.

لەگەڵ ئەم هەموو جۆرە هیواو ئاواتەی كە مرۆڤەكان لە دونیادا هەیانە، دەیان بینیت هەوڵی بۆ ئەدەن و خۆیانی بۆ ماندوو ئەكەن بە درێژایی ژیانیان، تا بتوانن خەوو ئاواتەكانیان بگۆڕن بۆ ژیانێكی بەرجەستەو بینراو، هەندێ جار خوای پەروەردگار یارمەتی دەریان ئەبێت بۆ هاتنەدی ئاواتەكانیان ئەگەر هۆكارەكانی بەدەست هێنانی لەگەڵدا بگرنەبەر.

بەڵام! ! كۆمەڵێك لە خەڵكی هەن كە هەرگیزو بە هیچ شێوەیەك ناتوانن ئاواتەكانیان بێننەدی، وە سەیری داواكاریەكانیان ناكرێت! ! ئەبێ كێ بن ئەو كەسانە؟ بۆچی ئاواتەكانیان نایاتەدی؟ ئایا دەتوانین یارمەتیان بدەین، یان لە خەم و پەژارەو ناڕەحەتیەكانیان كەم بكەینەوە؟

ئەو كۆمەڵەی كە ناتوان ئاواتەكانیان بێننەدی، كەسانێكن گیرۆدەی تاوانەكانیان بوونەو ڕزگار بوونیان زۆر سەختە، كەسانێكن غەریب و داماوی گەشتێكی چاوەڕوان نەكراون، بەڵێ ئەو كۆمەڵە **"مردووەكانن"**، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.

موسڵمانی خۆشەویست دەبێت مردووەکان چاوەڕێی چی بکەن و ئاواتی چی بخوازن؟ دەبێت کێ هەبێت بتوانێت باسی ئاواتەکانیانمان بۆ بکات، لە کاتێکدا هەواڵیان لە ئێمە بڕاوەتەوەو باسیان لە بیری ئێمەدا سڕاوەتەوە.

موسڵمانی خۆشەویست با پێکەوە کەمێك باسی ئەو کۆمەڵە لە بیر چووە بکەین، تا ئاواتی کۆمەڵە خەڵکێك بزانین کە چاوەکانیان زۆر تیژە بۆ بینینی حەق وڕاستیەکان، بەڵێ بەهەشت و دۆزەخیان بە چاوی خۆیان بینیوە، فریشتەکانی خوای پەروەردگاریان بینیوە، نهێنیەکان لایان بۆتە شتێکی بینراوو بەرچاوو ئاشکرا، ڕاستی ژیانی دونیاو دوا ڕۆژیان بۆ دەرکەوتووە، لە ژیانی بەرزەخ دان و یەقینیان هەیەو دڵنیان کە زیندوو دەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوە لە ڕۆژێکی سەخت و زۆر ترسناکدا، ئایا ئاواتەخوازن بگەڕێنەوە دونیاو ژیانی خۆش بەسەر بەرن و تام و چێژ لە خۆشییەکانی ژیان وەربگرن؟ یان ببنە خاوەنی دەیان خانوو بەرەو سەیارەو پارەو ماڵی زۆرو کاتەکانیان بە گەشت و گوزارو ڕابواردن و گاڵتەو گەپ بەسەر بەرن؟

ئاواتی زۆربەی خەڵکی لەم دونیایەدا زیاتر نییە لە: بوونی کارو پیشەیەکی باش، خێزانێکی جوان، ئۆتۆمبیلێکی باش، خانویەکی خۆش و فراوان، بوونی دەیان خانوو بەرەو موڵك، پاشان گەڕان و کات بەسەر بردن و مانەوە بە دیار کەناڵەکانەوە تا نیوە شەو، یان بەرە بەیان، یان ئامادەبوونی ئاهەنگ و سەیرانگاکان.

بەڵام مردووەکان دەبێت چییان لە دونیای ئێمە بووێت لە کاتێکدا بە جێیان

هێشتووە، خەڵەتابوون بە خۆشی و جوانییەکانی دونیا، ڕاستی دونیایان بۆ دەرکەوت، کۆچیان کردوو بە جێیان هێشت، بێ ئەوەی بتـوانن جـارێکی تـر بگەڕێنەوە بۆ دونیا؟

موسڵمانی خۆشەویست ئەوەی هەواڵی ئاواتی مردووەکانمان پێ بدات تـەنها خـــوای پـــەروەردگارو پێغەمبـــەری خۆشەویـــستە (ﷺ)، دەی بـــا تۆزێـــك بخوێنینەوەو گوێ بیست بین لەوەی کە خوای پەروەردگارو پێغەمبـەر (ﷺ) بۆیان باس کردووین لە ئاواتی مردووەکان (ئیمانداران و بێباوەڕان).

## ئاواتی مردووە ئیماندارەكان

١. كەسی ئیمانـدار كاتێـك دەمرێـت و بەسـەر شـان هەڵـدەگیرێت، بـەرەو گۆڕستان دەبردرێت، هاوار دەكات بۆ ئەوەی پێشی بخەن و پەلە بكـەن بـۆ ناشتنی تا بگات بەو نازو نیعمەتە بەردەوامانەی ناو گـۆڕ، عــن أبي ســعيد الخدري ﷺ قال: قال رَسولُ الله (ﷺ): ((إذا وُضعَت الجنازَة فَاحْتَمَلَها الرِّجالُ عَلى أعْناقِهِم، فإنْ كانَتْ صالحَةً، قالَتْ: قَــدِّموني قَــدِّموني، وإن كانَتْ غَيرَ صالحَةً، قالَتْ: يا وَيلَها أينَ يَذهَبُونَ بِها؟ يَسْمَعُ صَوتَها كُلُّ شَيءٍ إلاّ الإنسان، وَلَو سَمِعَها الإنسانُ لَصَعِقَ))[٣].

واتە: كاتێك مردوویەك دەشۆردرێت و كفن دەكرێت و پیاوان دەیخەنـە سـەر شانیان تا بەرەو گۆڕستانی بەرن، ئەگـەر ئـەو مـردووە كەسـێكی ئیمانـدارو چـاكەكار بێـت هـاوار دەكـات و دەڵێـت: پەلـە بكـەن و پێـشم بخـەن و زوو بمبەن، پەلە بكەن و پێشم بخەن و زوو بمبەن (بـۆ نـاو گـۆڕ)، بـەڵام ئەگـەر كەسێكی بێباوەڕو خراپەكار بوو هاوار دەكات و دەڵێت: ئەی هاوار بۆ كوێم دەبەن، بە شێوەیەكی وا هاوار دەكات كـە هـەموو شـتێك گـوێی لـە دەنگـی دەبێت تەنها مرۆڤەكان نەبێت، ئەگەر بهاتایە مرۆڤ و (جنۆكـەكان) گوێیـان لە هاواری ئەو مردووە ببوایە ئەوە یەكسەر بێهۆش دەبوون.

---

[٣] رواه الإمام أحمد –الفتح الرباني– (٨/٢)، والبخاري (١٣٨٠)، والنسائي (١٩٠٨).

٢. وه کاتێك ئەو مردووه ئیماندارە خرایە ناو گۆڕەکەیەوەو مژدەی بەهەشتی پێدرا، وە شوێنی خۆی بینیی لەو بەهەشتە پڕ لە نازو نیعمەتەدا، هەرگیز ئاواتەخواز نییە کە بگەڕێتەوە بۆ دونیا، بەڵکو ئاواتەخوازە کە قیامەت بێت، تا بچێتە ناو ئەو هەموو نازو نیعمەتە بەردەوام و نەبڕاوەیەی کە چاوەڕێیەتی، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەو بەندە موسڵمانەمان بۆ دەکات کە وەڵامی تەواوی دوو فریشتەکە دەداتەوە لەناو گۆڕدا، کە دەفەرمووێت: ((....نادَى مُنادٍ منَ السَّماء: أنْ صَدَقَ عَبدي فَأفرِشُوهُ منَ الجَنَّة، وَألْبِسُوهُ منَ الجَنَّة، وَافْتَحُوا لَهُ باباً إلى الجَنَّة، فَيَأتيه مِن رَوحِها وَطيبِها، وَيُفْسَحُ لَهُ في قَبرِه مَدَّ بَصرِه، وَيَأتيه رَجُلٌ حسن الوجه حسنُ الثِّياب طيبُ الرِّيحِ، فَيَقولُ: أبْشرْ بالذّي يَسُرُّكَ، هذا يَومُكَ الذّي كُنتَ تُوعَد، فَيَقولُ لَهُ: مَنْ أنتَ؟ فَوَجْهُكَ الوَجْهُ يَجيءُ بالخَير، فَيَقولُ: أنا عَمَلُكَ الصّالح، فَيَقولُ: رَبِّ أَقِمِ السّاعَةَ، رَبِّ أَقِمِ السّاعَةَ، حَتّى أرجِعَ إلى أهلي وَمالي....))[٤].

واتە: پاش ئەوەی فریشتەکان لەناو گۆڕدا پرسیار لەو بەندە موسڵمانە دەکەن ئەویش بە تەواوی بە زمانێکی پاراو وەڵامیان دەداتەوە (لە دونیادا زمانی بەردەوام پاراو بووە بە یادو زیکرو باسی خواو پێغەمبەری خوا

[٤] رواه الإمام أحمد واللفظ له عن البراء بن عازب رضي الله عنه –الفتح الرباني– (٧٤/٧)، وأبو داود (٤٧٥٣)، والحاكم (٣٨٠/١)، وابن خزيمة، وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٦٧٦).

(ﷺ)،.... بانگێـك دەكرێـت لـە ئاسمانـەوەو دەڵێـت: بەڕاسـتی بەندەكـەم ڕاستی كرد، لە ڕاخـەری بەهەشـتی بـۆ ڕابخـەن و لـە جـل و بـەرگی جـوانی بەهەشتی بەبەردا بكەن، دەرگایەكی بەهەشتی بۆ بكەنەوە (تا خۆشیەكانی ناو بەهەشت ببینیت)، كاتێك دەرگـای بـۆ دەكرێتـەوە لـە جـوانی و بـۆن و بەرامی خۆشی بەهەشتی بەسەردا دێت، وە تا چاو بـڕ بكـات گۆڕەكـەی بـۆ فراوان دەكرێتەوە، پاشان پیاوێكی دەم و چاو گەشی جـل و بـەرگ جـوانی بۆن خۆش دێت بۆ لایی و پێی دەڵێـت: مـژدەت لێبێـت بـەو شـتەی كـە دڵ خۆشت دەكات، ئا ئەمە ئەو ڕۆژەیـە كـە پـەیمانت پـێ درابـوو، ئـەم بەنـدە موسـڵمانەش پێـی دەڵێـت: تـۆ كێـی؟ چـونكە ڕووی تـۆ بـە ڕووی كەسـێك دەچێت كە موژدەی خۆشی پێ بێت، ئەویش دەڵێت: مـن كـردەوە چـاك و جوانەكانی تۆم، ئەم بەندە موسـڵمانەش ئـاوات ئـەخوازێت و دەڵێـت: ئـەی پەروەردگار با قیامەت بێت، ئەی پەروەردگار با قیامەت بێت، تا بگەڕێمەوە ناو ماڵ و منداڵ و كەس و كاری خۆم (لە بەهەشتدا).

ئەوەیە ئاواتی بەندەی موسـڵمان لـە نـاو گۆڕەكەیـدا كـە هەسـتان و هـاتنی قیامەتە.

بەڵام كەسی بێباوەڕو و دووڕوو لەگەڵ ئەو هـەموو سـزاو ناڕەحەتییـەی كـە تووشی دەبێت لەناو گۆڕەكەیدا، هاوار دەكات و دەڵێت: ئـەی پـەروەردگار با قیامەت هەڵنەسێت و نەیات، ئەی پـەروەردگار بـا قیامـەت هەڵنەسـێت و نەیات، لەبەر ئەوەی دەزانێت ئەوەی لە دوای ژیانی نـاو گـۆڕ ڕوودەدات زۆر سەختترو ناڕەحەت ترە.

٣. وە کاتێك بەندەی موسڵمان لەناو گۆڕەکەیدا مـوژدەی بەهەشـتی پـێ دەدرێت، ئاوات ئەخوازێت کە بگەڕێتەوە ژیانی دونیـا، تـا مـوژدە بـدات بـە کـەس و کـاری کـە ڕزگـاری بـووە لـە ئـاگری دۆزەخ و سـەرفراز بـووە بـە بەهەشتی پان و بەرین، هەروەك جابری کوڕی عبـدالله (ﷺ) لـە پێغەمبـەری خواوە (ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرمویـەتی: ((إذا رَأى المُؤْمِنُ مَا فُسِحَ لَهُ فِي قَبْرِهِ، فَيَقولُ: دَعُونِي أُبَشِّرُ أهلي –وفي رواية– (فَيَقولُ: دَعونِي حَتَّى أَذهَبُ فَأُبَشِّرُ أهلي، فَيُقالُ لَهُ: اُسْكُنْ))[٥].

واتە: کاتێك بەندەی ئیمانـدار دەبینێـت کـە چـەندێك گۆڕەکـەی بـۆ فـراوان دەکرێتەوە، داوا دەکات و دەڵێت: لێم گەڕێن موژدە بدەم بە کەس و کارم. لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ئـەو بەندەیـە دەڵێـت: لـێم گـەڕێن و وازم لێبێنن تا بـچمەوە دونیـاو مـوژدەی ڕزگـاربوون لـە دۆزەخ و سـەرفرازیم بـە بەهەشت بدەم بە کەس و کارم، بەڵام پێی دەوترێت: ئارام بـەو لـە شـوێنی خۆتدا بمێنەوە.

وە خوای پـەروەردگار لـە سـورەتی (یـــــــس)دا بەسـەرهاتی ئـەو بەنـدە موسڵمانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە زۆر سوور بوو لەسـەر هیدایـەتی گەلەکـەی (لـە کاتێکـدا دەنـگ و باسـی حـەق و ڕاسـتی کـپ کرابـوو، تـرس و بێمـی ستەمکاران خەڵکی بێدەنگ کردبوو)، بەڵام گەلەکەی کوشتیان لـە کاتێکـدا بانگی دەکردن تا ئیمان بێنن بە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکـەی (ﷺ)،

---

[٥] رواه الإمام أحمد –الفتح الرباني– (١٢٧/٨)، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٥٥٧).

بەڵام باوەڕیان نەهێنا، بەڵکو شەهیدیان کرد.

ئەو بەندە موسڵمانە پاش ئەوەی بینی خوای پەروەردگار چەندێ ڕێزێ لێناوەو سەرفرازی کردووە بە بەهەشتی پان و بەرین و پڕ لە نازو نیعمەت، ئاواتە خوازبوو کە گەلەکەی ئاگاداری ئەو ڕێزو سەرفرازییە بونایە تا باوەڕ بێنن، هەروەك خوای پەروەردگار دەربارەی دەفەرموویێت: ﴿ قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ ٢٦ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ ٢٧ ﴾ (يس: ٢٦ - ٢٧).

واتە: پێی ووترا بچۆ بەهەشتەوە (پاش ئەوەی شەهید کرا)، ئەویش ئاواتی خواست و ووتی: خۆزگە گەلەکەم ئاگادار دەبوون و دەیان زانی کە خوای پەروەردگار لێم خۆش بووەو گێڕاومێتی لە ڕێز لێگیراوان.

بەڵێ ئاواتی دەخواست گەلەکەی کە دژایەتی دینی خوای پەروەردگاریان دەکردو مل کەچی فەرمانەکانی نەدەبوون بیانزانیایە کە خوای پەروەردگار چەندێ ڕێزداری کردووە و چی پێ بەخشیوە لەو هەموو نازو نیعمەتە خۆش و نەبڕاوانەی ناو بەهەشت.

٤. شەهید لەگەڵ ئەو پلە بەرزەی کە دەیبینێت بۆی ئامادەکراوە لە پلە بەرزەکانی بەهەشتدا، ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە بۆ دونیا، گەڕانەوە بۆ دونیا ! ! بۆچی؟ بەڵێ ئاوات ئەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی بەردەوام جیهادی دوژمنانی خوا بکات، بجەنگێت و بکوژێت ئەگەر دەیان جاریش بکوژرێت و شەهید بێت، لەبەر ئەوەی دەبینێت پاداشتی جیهادو تێکۆشان لە ڕێی خوای پەروەردگاردا چەندێ زۆرە، وە موجاهیدان چەندێ

ڕێز لێگیراون لای خوای پەروەردگار.

گوێ بگرە لەو فەرموودانەی كە پێغەمبەری ڕاستگۆ (ﷺ) بۆمان باس دەكات سەبارەت بەو موسڵمانانەی كە لە ڕێی خوای پەروەردگاردا شەهید دەبن.

أنسی كوڕی مالك (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَا أَحَدٌ يَدْخُلُ الجَنَّةَ يُحِبُّ أنْ يَرجِعَ إلى الدُّنيا وَلَهُ مَا عَلى الأرضِ مِن شَيءٍ، إلّا الشَّهيد يَتَمَنّى أنْ يَرجِعَ إلى الدُّنيا، فَيُقْتَلَ عَشْرَ مَرّاتٌ، لِما يَرَى مِنَ الكَرامَةِ))[٦].

واتە: هیچ موسڵمانێك نییە كاتێك دەمرێت و دەچێتە بەهەشتەوە حەز بكات و ئاوات بخوازێت تا بگەڕێتەوە بۆ دونیا، ئەگەر چی هەرچی لەسەر زەویدا هەیە ببێتە موڵكی ئەو، تەنها شەهید نەبێت ئاوات ئەخوازێت بگەڕێتەوە دونیاو بجەنگێت و دە جاری تریش شەهید بێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبینێت شەهید چەندێ ڕێزی لێگیراوە.

جابری كوڕی عبدالله (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت پێم و پێی فەرمووم: ((يا جابر مَا لِي أراكَ مُنْكَسِراً)؟ قُلْتُ: يا رَسولَ اللهِ اُسْتُشْهِدَ أبي "قُتِلَ يَوْمَ أُحُد"، وترك عيالا وَدَيْنًا، قال: (أفَلا أُبَشِّرُكَ بِما لَقِي اللهُ بِهِ أباكَ)؟ قالَ: قُلتُ: بَلَى يا رَسولَ اللهِ، قالَ: (مَا كَلَّمَ اللهُ أحَداً قَطّ إلاّ مِن وَراءِ

---

[٦] رواه الإمام أحمد –الفتح الرباني– (١٤/٢٧)، والبخاري واللفظ له (٢٨١٧)، ومسلم (١٨٧٧)، والترمذي (١٦٦١)، والنسائي (٣١٦٠)، وابن حبان (٤٦٦١).

حجاب، وَأحيا أباكَ فَكَلَّمَهُ كفاحًا فقالَ: يا عَبدي تَمَنَّ عَلَيَّ أُعْطِكَ، قال: يـا رَبِّ تُحْيِيني فَأُقْتُل فِيك ثانيةً، قالَ الرَّبّ عَزَّ وَجَلَّ: إنّـه قَـدْ سَبَقَ مِنّي أَنَّهُم إِلَيها لا يُرْجَعُون) قالَ: وأنزلت هذه الآية: ﴿ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢا ﴿١٦٩﴾ ﴾(آل عمران: ١٦٩)[٧].

واته: ئەی جابر (ﷺ) چییە ئەتبینم زۆر کزوو مات و خەفەتباری؟ جابر (ﷺ) دەفەرموویت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکم لە جەنگی ئوحوددا شەهید بووەو کۆمەڵە منداڵێکی بەسەرما بە جێ هێشتووەو قەرزاریشە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا هەواڵت پێ بدەم کە باوکت بەچی شێوازێك گەیشت بە دیداری خوای پەروەردگار، جابر (ﷺ) دەفەرموویت: ووتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خوای پەروەردگار لەگەڵ هیچ بەندەیەکیدا ڕاستەوخۆ قسەی نەکردووە مەگەر لە پشت پەردەوە، بەڵام باوکی تۆی زیندوو کردەوەو قسەی لەگەڵدا کرد بێ ئەوەی هیچ پەردەو بەربەستێك و فریشتەیەك لە نێوانیاندا هەبێت، پێی فەرموو: ئەی بەندەکەم ئاوات بخوازەو داوام لێ بکە تا پێت ببەخشم، باوکت ووتی: ئەی پەروەردگارم زیندووم بکەوە تا جارێکی تر لە ڕێی تۆدا شەهید ببمەوە (تا لێم ڕازی بیت وزیاتر لێت نزیك ببمەوە)، خوای پەروەردگاریش پێی فەرموو: لە پێشدا بڕیارم وابووە کە

---

[٧] رواه الترمذي (٣٠١٠)، وابن ماجه (١٩٠)، وابن حبان (٧٠٢٢)، وحسنه الألباني في صحيح ابن حبان (١٩٢٦).

مردووەکان زیندوو نابنەوەو ناگەڕێنەوە ژیانی دونیا، بۆیە ئەم ئایەتـە هاتـە خوارەوە: ﴿ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢا ﴿١٦٩﴾ ﴾.

واتــە: وا گومـان مەبـەن ئـەو کەسـانەی کـە لـە ڕێـی خـوای پـەروەردگاردا کوژراون مردوون، بەڵکو هەمیشە زیندوون لای خوای پەروەردگار.

بەڵێ ڕوحی شەهیدەکان لـەناو سکی باڵنـدە سـەوزەکاندان، لـە میوەکـانی بەهەشت دەخۆن هەر چۆنێك ویستیان لێبێت.

## ئاواتی بێئاگاو خراپەکاران

کەسی کەم تەرخەم لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگاردا کاتەکانی ژیانی بەسەردا ئەڕوات ئەویش بەردەوام لە گاڵتەو گەپ و بێ ئاگاییدایە، تەوبە دوا دەخات و ئاواتی تەمەنی درێژتر دەخوازێت، نازانێت کە مردن لەناکاو دێت و یەخەی پێ دەگرێت، هەر کاتێک یەخەی پێ گرت نایەڵێت فریای ئەو کارانە بکەوێت کە تا ئێستا بێئاگا بووە لێی و ئەنجامی نەداوە، بۆیە کاتێك ئەو بەندە بێباوەڕو بێئاگایە لەناو گۆڕەکەیدا گیرۆدەی کردەوەکانی دەبێت، پەشیمانە لەو کارە خراپانەی ئەنجامیداوە، پەشیمانە لە گوێ نەدانی بە فەرمانەکانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، بۆیە لەو کاتە و ساتە بێ کەسی و غەریبیە پەشیمانەو ئاوات ئەخوازێت تا خوای پەروەردگار ئاواتەکانی بێتە دی، بەڵام ئاواتی ئەو کاتەی هیچ سوودی پێ ناگەیەنێت.

دەی با بزانین کەسانی بێئاگاو خراپەکار ئاواتی چی دەخوازن کاتێك مردن و چوونە ڕیزی مردووەکانەوە، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.

کەسی کەم تەرخەم و بێئاگا کاتێك دەمرێت ئاوات ئەخوازێت بێتەوە دونیاو نوێژ بکات ئەگەر تەنها دوو ڕکاتیش بێت.

## ئاواتی یەکەم: نوێژ کردن

بەڵی کەسی کەم تەرخەم و بێئاگا کاتێك مرد ئاوات ئەخوازێت بێتەوە دونیاو تەنها دوو ڕکات نوێژ بکات، هەروەك أبـوهريرة (ﷺ) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) بە تەنیشت گۆڕێکدا تێپەڕی و فەرمووی: ((مَنْ صاحِبُ هذا القَبرِ؟ فَقالُوا: فلان، فَقالَ: رَكْعَتانِ أَحَبُّ إلى هذا مِنْ بَقِيَّةِ دُنياكُمْ))[٨].

واتە: مردووی ناو ئەم گۆڕە کێیە؟ فەرموویان: فڵانە کەسە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دوو ڕکات نوێژ بەلای ئەم مردووەوە خۆشەویستترە لە هەموو دونیاو ئەو ژیانەی کە ئێوە هەتانە. وە لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: ((رَكْعَتانِ خَفيفَتانِ مِمّا تَحقِرونَ وَتَنفلونَ، يَزيدُها هذا في عَمَلِه، أَحَبّ إلَيهِ مِنْ بَقِيَّةِ دُنياكُمْ))[٩]. واتە: دوو ڕکات نوێژی سووك و کورت، کە سوننەتەو ئێوە بە کەمی دەزانن، ئەگەر ئێستا ئەو مردووە بتوانێت زیادی بکات بۆ سەر کردەوە چاکەکانی، بە لایەوە خۆشەویستترە لە هەموو دونیاو ئەو ژیانەی کە ئێوە هەتانە.

بەڵێ هەموو ئاوات و خۆزگەی مردووی کەم تەرخەم بریتییە لە زیندوو بوونەوەی و درێژ بوونەوەی تەمەنی تا بتوانێت تەنها دوو ڕکات نوێژ بکات و خێرو چاکەکانی پێ زیاد بێت، وە ئەو کاتانەی کە لە دونیادا بە فیڕۆی دابوو و عیبادەتی خوای پەروەردگاری تیا نەکردبوو بیان گرێت خوا

---

[٨] رواه الطبراني، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٩١).

[٩] رواه ابن المبارك، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣٥١٨).

پەرستی تیا بکات.

ئایا گوێ بیستی ئامۆژگاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبویتە سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی نوێژ، کە بە گوێی ئێمەی زیندووەکاندا دەدات و دەفەرمووێت: ((الصَّلاةُ خَيرُ مَوضُوعٍ، فَمَنِ اسْتَطاعَ أن يَستَكْثِرَ فَلْيُكْثِرْ))[١٠].

واتە: نوێژ باشترینی کردەوە چاکەکانتانە، بۆیە هەر یەك لە ئێوە ئەی موسڵمان دەتوانێت نوێژ زۆر بکات با بیکات (نوێژی سوننەت).

مردوو لەناو گۆڕەکەیدا بە چاوی خۆی دەبینێت نوێژ چەندێ گەورەیەو فەزڵی زۆرە، وە بە چاوی خۆی دەبینێت نوێژ چەندێ سوودی زۆرە، بۆیە ئەو مردووە زۆر پەشیمانی دایدەگرێت لەسەر بە فیڕۆدانی ڕۆژانێك کە عیبادەتی خوای پەروەردگاری تیا نەکردووە، لەسەر چەند سەعات و کاتێك لە گاڵتەو گەپ و بێ ئاگاییدا بەسەری بردووە، بۆیە هیچی بەدەستەوە نەماوە تەنها دەربڕینی غەمباری و پەشیمانی نەبێت.

بەڵێ دەبینین پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاواتی ئەو مردووەمان بۆ باس دەکات کە لەناو گۆڕەکەیدایە، ئاوات ئەخوازێت نوێژ بکات، ئاوات ئەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ دونیا ئەگەر بۆ چەند دەقیقەیەکیش بێت، تا دوو ڕکات نوێژ بکات، زیاتر نا، هیچی ناوێت لە ژیانی دونیا تەنها دوو ڕکات نوێژ نەبێت، سبحان الله!! بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو دوو ڕکاتە نوێژە ئیستا بەلایەوە

---

[١٠] رواه الطبراني، وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٣٨٧٠).

خۆشەویسستره لـه دونیـا و هـەموو ئـەوەی كـە تیایدایـە، چۆن وانییـە لـە كاتێكـدا دونیـاو هـەموو ئـەوەی كـە تیایدایـە بـە جێـی هێـشتووەو ئێـستا گیرۆدەی كردەوەكانیەتی؟

اغتنم في الفراغ فضل ركـــوع    فعسى أن يكونَ موتك بغتة
كم صحيح رأيتَ من غير سُقم    ذهبتْ نفسه الصحيحة فلتة

له كاتی دەست بەتاڵیتدا خێرو پاداشتی تەنها یەك ڕكوع لـە دەسـت مـەدە، چونكه پێ دەچێت مردن لەناكاو یەخەت پێبگرێت و بمریت، ئایا نابینیـت چەند كەسی لەش ساغ و سەلامەت بێ هیچ نەخۆشیەك مردن و لەشی سـاغ و سـەلامەتیان لـە ناكـاو لـە دەسـت چـــوو؟.   ئـاواتی مردووەكـان لـەناو گۆڕەكانیانـدا تـەنها بریتیـە لـە بـوونی یـەك سـەعاتێك ژیـان، بـەڵكو یـەك دەقیقەیەك، تا بتوانن تەوبە بكەن و كردەوەی چاكی تیادا بكەن.

بەڵام ئێمەی زیندووی بێئاگا كەمتەرخەمین له گرتنـی كاتەكانمانـدا، بـەڵكو لـە ژیانمانـدا، دەگـەڕێین بـە دوای كارێكـدا تـا كاتـەكانمانی پێـوە بـە فـیڕۆ بـدەین، تـا تەمـەنمان بـە فـیڕۆ بـڕوات بـێ ئـەوەی لـە عیبـادەتی خـوای پەروەردگاردا بەسەری بەرین، بـەڵێ هەمانـە كـات و سـاتەكانی لـە تـاوان و خراپەكاری و سەرپێچیدا بەسەر دەبات، نازانین گۆڕەكانمان چـی لـە خـۆی گرتـووەو چـی بۆمـان شـاردۆتەوە لـە نـازو نیعمـەت و خۆشـی یـان سـزاو ناخۆشیو ناڕەحەتی؟ گوێ بیستی بانگ بێژ دەبین بانگ دەكـات بـۆ نوێـژ، بەڵام ژیان لەو كەسانەدا نییە كە بانگ دەكرین "گوێ بیستی بانگ دەبێت و وەڵام ناداتەوە".

## ئاواتی دووەم: صەدەقەو ماڵ بەخشین

بەڵێ ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە بۆ دونیا ئەگەر بۆ چەند دەقیقەیەكی دیاری كراویش بێت، تا خێر بكات و ماڵ و سامانەكەی لە پێناو خوای گەورەدا ببەخشێت، هەروەك خوای پەروەردگار ئەم ئاواتەی مردووەكانمان بۆ باس دەكات و دەفەرمووێت: ﴿ وَأَنفِقُوا۟ مِن مَّا رَزَقْنَٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِىٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠﴾ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١١﴾ ﴾ (المنافقون: ١٠ – ١١)

واتە: خێر بكەن و ببەخشن لەو ماڵەی كە پێمان بەخشیون پێش ئەوەی مردن بگات بە یەكێكتان و ئەو كاتە (كاتی سەرەمەرگ) بڵێت: ئەی پەروەردگار با مردنەكەم دوا بكەوێت ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت، بـــۆ؟؟ بۆ ئەوەی خێرو صەدەقە بكەم، وە ئەبم لە پیاو چاكان، بەڵام پاش چـــی؟ چونكە خوای پەروەردگار مردنی هیچ كەس دواناخات كاتێك تەمـــەنی كۆتـــایی هاتبێـــت، وە خـــوای پـــەروەردگار زۆر شـــارەزایە بـــەو كردەوانەی كە دەیكەن، شارەزایە بە حاڵ و ووتەی ئەو كەسەی كە داوای گەڕانەوە دەكات، كێ دەڵێت: ئەگەر بگێڕدرێتەوە بۆ دونیا ناگەڕێتەوە سەر كارە خراپەكانی و خراپە زیاتر ناكات؟

ابن عباس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: هەر كەسێك ماڵی هەبێت و حەجی ماڵی خوای لەسەر پێویست بێت و حەج نەكات، یان ماڵەكەی زەكاتی تێبكەوێت و زەكاتەكەی دەرنەكات، لە كاتی سەرەمەرگدا داوای

گەڕانەوە دەکات، پیاوێك ووتی: ئەی (ابن عباس) لە خوا بترسە، تەنها کافران داوای گەڕانەوە دەکەن لە کاتی سەرەمەرگدا، ابن عباس فەرمووی: بەڵگەی ئایەتی خوای پەروەردگارت بۆ دەخوێنمەوە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَـٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ ﴿٩﴾ وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقْنَـٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِىٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١٠﴾ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١١﴾ ﴾ (المنافقون: ٩ — ١١)

پیاوەکە فەرمووی: چی شتێك زەکات واجب دەکات؟ ابن عباس فەرمووی: ئەگەر ماڵێك گەیشتە دوو سەد درهەم زیو یان زیاتر ئەوە زەکاتی تیدا واجب دەبێت، ووتی: ئەی چی حەج واجب دەکات؟ ابن عباس فەرمووی: بوونی ماڵ و وشتر حەج واجب دەکات.

بەڵی مردووەکان قەناعەتی تەواویان بۆ دروست بووە "بەڵام پاش چی؟" کە صەدەقەو ماڵ بەخشین خۆشەویسترین کردەوەیە لای خوای پەروەردگار، لەبەر ئەوەی توڕەیی خوای پەروەردگار لا دەبات، وە لە ڕۆژی دواییدا مرۆڤ پرسیاری ماڵەکەی لێ دەکرێت: چۆن پەیای کردوو لە چیدا سەرفی کرد؟ بۆیە ئاواتە خوازن بگەڕێنەوە دونیا تا خێرو صەدەقە بکەن و ماڵەکەیان ببەخشن بە هەژارو نەدارەکان لە کاتێکدا لێیان گرتبوونەوەو پێیان نابەخشین، ماڵەکەیان سەرف کردبوو لە گەشت و گوزار، وە بۆتێرکردنی حەزو ئارەزووەکانیان، لە کاتی سەرەمەرگ و دوای مردنیش

دەڵێن: ﴿ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ ﴾.

ئاواتـەخوازێت بگەڕێتـەوە بـۆ دونیـا لەبـەر ئـەوەی بـۆی دەركـەوتووەو ئەزانێت كە صەدەقە لە هەموو كردەوەكان خێرترە، هەروەك ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) فەرموویەتی: بۆم باس كراوە كە كردەوە چاكەكان خۆیان ڕائـەدەن و شانازی ئەكەن بەسەر یەكتریدا، خێرو صەدەقە دەڵێت: مـن لـە هـەمووتان گەورەترم و فەزڵم زیاترە [11].

ئاواتـەخوازە بگەڕێتـەوە دونیـا تـەنها بـۆ ئـەوەی مـاڵ ببەخـشێت و خێـرو صەدەقە بكـات، پێدەچـێت ئـەو مـردووە بـۆی دەركـەوتبێت كـە صـەدەقە چەندێ گەورەیەو فەزڵی زۆرە، یـان بـۆی دەركـەوتبێت كـە كـەم تەرخـەمی كردن لە ماڵ بەخشین و زەكات دەرنـەكردن چـەندێ تـاوان و سـزای هەیـە، بەڵی ئاوات خواستنە، پڕە لە غەم و پەژارەو پەشیمانی، ئاواتێكە لـە كـاتی خۆیدا نەبووە بەڵكو دوا كەوتووە، هیچ سوودی نییە.

---

(١١) رواه ابن خزيمة (٢٤٣٣)، والحاكم (٤١٦/١)، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٨٧٨).

**ئاواتی سێیەم: بوون لەگەڵ پیاوچاکان و کردنی کردەوەی چاکە**

ئاواتی سێیەم کە مردووەکان دەیخوازن بریتییە لە گەڕانەوەیان بۆ دونیا ئەگەر تەنها بۆ چەند ساتێکی کەمیش بێت، تا لە پیاوچاکان بن و تا کردەوەی چاکە بکەن، بۆ چاککردنی هەموو ئەو خراپانەی کە کردبوویان، بۆ عیبادەتو پەرستنی خوای پەروەردگار لە شوێنی هەموو سەرپێچیەکیان، بۆ ئەوەی یادو زیکری خوا بکەن ئەگەر تەنها یەکجاریش بێت، ئاواتەخوازن تەنها یەك "سبحان الله"یەك بکەن، یەکجار بڵێن "لا إله إلا الله"، بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت، ئاواتەکانیان نایاتەدی، ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ﴾، خوای پەروەردگار دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾﴾ (المؤمنون: ٩٩ – ١٠٠)

واتە: تا مردن دەگات بە یەکێکیان ئەو کاتە هاوار دەکات و دەڵێت: ئەی پەروەردگار بمگێڕەوە بۆ دونیا، بۆ؟ تا ئەو کردەوە چاکانە بکەم کە وازم لێهێنابوو نەم دەکرد، نەخێر، "پاش چی" تەنها قسەیەکە دەیکات و ئاواتێکە دەیخوازێت، لە دوای مردنیان لە ژیانی بەرزەخدا دەمێننەوە تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە.

ئەوە حاڵی کەسی کەمتەرخەم و بێئاگایە کاتێك مردن پێی دەگات و ژیانی دونیای لە دەست دەچێت، هاوار دەکات و دەڵێت: ﴿قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ﴾ وە دەڵێت: ﴿لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ

﴿٥٨﴾ الزمر: ٥٨.

واتــە: ئاواتــەخوازێت و دەڵێــت خۆزگــە کــاتم بــۆ دەرەخــساو دەمتــوانی بگەڕێمــەوە بــۆ ژیــانی دونیــا، ئــەو کاتــە کــردەوەی چــاکەم دەکــردوو لــە چاکەکاران دەبووم.

مــردووی تاوانبــارو بێئاگــا کاتێــك بێئومێــد دەبێــت لــەوەی کــە ئاواتــەکانی نایاتــــەدی، خراپــــەکانی دەوری دەدەن، پــــەردەی حەقیقــــەت لەســــەر کردەوەکــانی لا دەبرێــت، هــاوار دەکــات و دەڵێــت: هــاوار بــۆ خــۆم "کــوا ئاواتــەکانم بــۆ نایاتــەدی" هــاوار بــۆ شــوێن و ســەرئەنجامی خــراپم، ئــەی پەروەردگار بمگێڕەوە بۆ دونیا تا ئەو چاکانە بکەم کە نەمکردبوون و پشت گوێم خستبوون، تەنها و تاکە ئاواتیان بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ژیـانی دونیـا تا کردەوەی چاکە بکەن، هیچی تر نا.

مردووەکان کات و ژیانیـان تـەواوبووە، ژیـانی دواڕۆژیـان بـە چـاوی خۆیـان بینیوە، وە دەزانن چییان بۆ هەیـە و چییان لەسـەرە، هەسـتیان کـردووەو باش بۆیان دەرکەوتووە ئەو کاتانەی کە لـە دونیـادا بـە فیڕۆیـان دابـوو بـێ سوودە، سوودیان لێنەبینی بۆ ژیانی دواڕۆژیـان، وە جـارێکی تـر ئـەو کاتـە ناگەڕێتەوە بۆیان، ئەو کاتەی کە لەبەر دەستیاندابوو بەڵام بە فیڕۆیاندا، بە پارە ئەندازە ناکرێت و هـەرگیزو جـارێکی تـر دەسـتیان ناکەوێتـەوە، کـاتی خۆی پێش مردنیان لە نازو نیعمەتدا بوون و کاتیان هەبوو، بەڵام بە جـوانی و لە عیبادەت و پەرستنی خوای پەروەردگاردا بەکاریان نەهێنا، بۆیە ئیستا ئاواتەخوازن تەنها یەك چاکەیەك بکەن، تا ترازووی چاکەکانیانی پێ قـورس

بکەن، خراپەکانیانی پێ کەم بکەن، خـوای پـەروەردگاری پـێ ڕازی بکـەن، بەڵام ناتوانن، چـــی حەسرەت و داماوی و پەشیمانییەکە تیایدا دەژین؟؟.

مرۆڤـ زۆر بێئاگا دەبێت لە نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار کاتێك دەبینێت نیعمەتی خوا زۆرو بەردەوامە بەسەرییەوە، فەزڵ و گەورەیی ئەو نیعمەتانـە نازانێت تا لە دەستی نەچێت.

ئـەی کۆمـەڵی زینـدووەکان ئێـستا ئێمـە لـە گـەورەترین نیعمـەت دایـن، بـا عیبـادەتی خـوای گـەورە بکـەین و کـردەوەی چـاکە زۆر بکـەین تـا ڕوح لـە لاشەماندایەو لەدەسمان نەچووە.

ئەی موسڵمانی خۆشەویست ئایا نازانیت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فـەرمانی پێ کردووین کاتێك لەخـەو هەسـتاین سوپاسـی خـوای پـەروەردگار بکـەین، لەبەر ئـەوەی زینـدووی کردینـەوە پـاش ئـەوەی مرانـدبوومانی، وە ڕێگـەی پێداین تا یادو زیکری بکەین، لەبەر ئـەوەی خـەو وەسـتان و دواکەوتنـە لـە ژیان و زیکری خوای پەروەردگار.

پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەفـەرمووێت: ((إذا اسْتَيقَظَ أَحَدُكُم فَلْيَقُلْ: الحَمْدُ للّهِ الذّي رَدَّ عليَّ رُوحي، وَعَافاني في جَسَدي، وأَذِنَ لِي بِذِكْرِهِ))[١٢].

واتە: هەر یەکێك لە ئێوە کاتێك لە خەو هەسـتا بـا بڵێـت: سـوپاس بـۆ ئـەو خوایەی کـە ڕوحـی بـۆ گێڕامـەوەو لاشـەمی بـۆ سـاغ و سـەلامەت کـرد، وە ڕێگەی دام تا یادو زیکری بکەم.

---

[١٢] رواه الترمذي (٣٤٠١ )، وابن السني (٩) وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٣٢٩).

بەڵێ ئێمە ئێستا نیعمەتی کات و ژیانمان هەیە، دەی با کردەوەی چاکە بکەین و تاوانەکانمان بسڕینەوە، پێش ئەوەی بمرین و پەشیمانی دەربڕین لەسەر هەموو دەقیقەیەك لە دەستمان چووەو زیکرو عیبادەتی خوامان تیا نەکردووە، دەی با کاتەکانی ژیانمان بە غەنیمەت بگرین و بە فیڕۆیان نەدەین پێش دربڕینی پەشیمانی، ئەو کاتە ئاواتەخوازین وەکو ئاوات خواستنی هەندێك لە مردووەکان.

## خواپەرستی پیاوچاکان و ترسیان لە ژیانی دوای مردن

إبراهیمی کوڕی یزیدی العبدي دەفەرمووێت: ریاح القیسي هات بۆ لام و پێی ووتم: ئەی أبـو إسـحاق بـا بـچین بـۆ لای خـەڵکانی دوارۆژ "مردووەکـان، گۆڕستان" تا هـەواڵ و بەسـەرهاتی خۆیانمـان پـێ بڵـێن، منـیش لـە گـەڵیا ڕۆیشتم تا چوینە گوڕستان، لەوێ لە تەنیشت چەند گۆڕێك دانیشتین، ریاح القیسي ووتی: ئەی أبو إسحاق تۆ دەڵێی چی ئەگەر بە یەکێك لەم مردووانـە بوترێت ئاواتی چـی دەخوازیت؟ دەبێـت بڵـێ چـی "مردووەکـە"؟ منـیش ووتـم: سوێند بێت بە خوا تەنها ئاواتی گەڕانـەوە بـۆ دونیـا دەخوازێـت، تـا عیبادەتی خوا بکات و کردەوەی چاکە بکات، ریاح القیسي ووتـی: ئـەی أبو إسحاق ئێمە ئێستا وا لە ژیانی دونیا داین دەی با عیبـادەتی خـوا بکـەین و کردەوەی چـاکە بکـەین، پاشـان ریاح القیسی هەسـتاو خـۆی گـورج کـردوو زیـاتر عیبـادەتی خـوای گـەورەی دەکـردوو خـۆی زۆر مانـدوو دەکـرد، ئەوەندەی پێنەچوو مرد "ڕەحمەتی خوای پەروەردگاری لێبێت" [١٣].

موسڵمانی خۆشەویست کاتێك سەردانی گۆڕستانت کرد بچۆرە سەر گۆڕێکی هەڵکەندراو، بیرێك لەو شوێنە تەنگ و تەسکە بکەرەوە، وا بێنە پێش چاوی خۆت ئێستا تۆی تێدایت، دەرگات لەسەر داخراوە، خۆڵت بەسـەردا کـراوە، مـاڵ و منـداڵ و کـەس و کـارت بـە جێیـان هێـشتویت، گـۆڕ بـە تـەنگ و تاریکییەکەی دەوری داویت، هیچ شتێك نابینیت تەنها کردەوەکانت نـەبێت،

---

[١٣] إيقاظ أولي الهمم العالية إلى اغتنام الأيام الخالية لعبد العزيز السلمان (صفحة ٣٥٧).

لەو سات و كاتە ناخۆش و ناڕەحەتەدا ئاواتی چـــی دەخوازیت؟
ئایا ئاواتی گەڕانەوە ناخوازیت بۆ دونیا تا كردەوەی چاكە بكەیت؟ تـا یـەك ڕكات نوێژ بكەیت؟ یەك جار بڵێیت: سبحان الله، تا یادی خوا بكـەیت ئەگـەر تەنها یەك جاریش بێت، ئێستا تۆ وا لەسەر زەویت زیندوو و لـەش سـاغیت، دەی كردەوەی چاكە بكە، پێش ئەوەی پەنجەی پەشیمانی بگەزیت، پـێش ئەوەی بچیتە ڕیزی مردووەكان و لەبیر بكرێیـت، ئاواتـەخوازیت بـەڵام وەڵام نادرێیتــەوە تــا بگەڕێیتــەوە ســەر زەوی. كاتێـك خرایتـە نـاو گـۆڕەوە خـۆ جارێكی تر بۆ ژیانی دونیات ناگەڕێیتەوە، ناتوانی كردەوە چـاكەكانت زیـاد بكەیت، مەگەر كارێكی خێری وات كردبێت ببێتە خێری نـەبڕاوە "الـــصدقة الجارية" و دوای مرنت خێرو پاداشتەكەیت بۆبێت، دەی كاری چاكە زۆر بكە بۆ ڕۆژی دواییت پێش ئەوەی داماوی و پەشیمانی دەربڕیت.
إبراهيم التيمي "ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت" دەفـەرمووێت: جارێكیـان وا خـۆم هێنایە پێش چاوم وا لە ناو ئاگری دۆزەخدام، لە داری تاڵی زەققوم ئەخۆم، كێم و زوخاوو پیسی ناو دۆزەخ دەخۆمەوە، كۆت و زنجیر كراوم بـە كـۆت و زنجیری ئاسن، ئەو كاتە بە نەفسی خۆم ووت: چـیت دەوێت ئـەی نەفـسم؟ ووتی: دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ دونیا تا كردەوەی چـاكە بكەم، منیش پێیم ووت: ئێستا وا لەو ئاواتەدا دەژیت كە دەیبەیت، دەی كردەوەی چـاكە بكە (١٤).

---

(١٤) حلية الأولياء وطبقات الأصفياء لأبي نعيم (٤/٢١١).

دەی ئەی بەندەی خوا ئێستا ئێمە وا لەماڵێکدا دەژین کە شوێنی کردەوە کردنە، سبەینێ دەگوازرێینەوە بۆ ماڵێك تەنها شوێنی پاداشت یان سزایە، بۆیە هەر کەسێك لێرە کردەوەی چاکە نەکات سبەینێ لەوێ پەشیمان دەبێتەوە، هەموو ڕۆژێك کە بەسەرتا دێت غەنیمەتە بۆتۆ، بۆیە ئاگاداربەو کردەوەی چاکەی زۆر تیا بکە و مەهێڵە بە فیڕۆ بڕوات، تەمبەڵ و کەمتەرخەم مەبە تیایدا، چونکە تاکە ئاواتی مردووەکان لەناو گوڕدا بریتییە لە ژیانی تەنها یەك سەعات، بەڵکو کەمتر، بۆ ئەوەی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دەستیان چوبوو فریای بکەون و بیکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ڕێگەیان پێنادرێت، لەبەر ئەوەی کاتی ژیانیان تەواو بووەو بەسەریان بردووە.

ئەی موسڵمانی خۆشەویست کاتێك سەردانی گۆڕستانت کرد، یان جەنازەیەکت بە ڕێکرد بۆ گۆڕستان، لەو کاتەدا بێئاگا مەبە، قسە زۆر مەکە لەگەڵ خەڵکیدا، بەڵکو بیر لە ئاواتی ئەو مردووانەی دەورووپشتت بکەوە، گیرۆدەی دەست کردەوەکانیانن، کاتەکانی ژیانت جوان بگرەو بە فیڕۆیان مەدە، بۆ ئەوەی زۆر یادو زیکری خوای پەروەردگار بکەیت، تا سبەینێ لەگەڵ مردووەکان نەبیت، ئاوات دەخوازیت وەکو هەندێکیان تا بگەڕێیتەوە دونیا بەڵام پاش چی؟؟؟.

هەر کاتێك ویستت تاوان بکەیت بیر لە ئاواتی مردووەکان بکەوە، بیرت بێت کە ئێستا مردووەکان ئاواتەخوازن زیندوو بوونایە تا گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار بکەن، دەی چۆن تۆ سەرپێچی خوای پەروەردگار

دەکەیت؟؟؟.

هـەرکاتێك بینیـت دەسـت بـەتاڵیت و بێکاریـت بـیر لـە ئـاواتی مردووەکـان بکەوە....

هەرکاتێك بینیت بێ تاقەتیت لە پەرستنی خوای پەروەردگار بیر لـە ئـاواتی مردووەکان بکەوە....

رَبيعي کوڕی خَيثَم "ڕەحمەتی خـوای لێبێـت" لـەناو ماڵەکـەی خۆیـدا گـۆڕێکی هەڵکەند بوو، هەر کاتێك هەستی بکردایە نەفسی بـەلای دونیـادا دەچـێت و دڵـی ڕەق بـووە، دەچـــووە نـاو گۆڕەکـەوە، کاتێـك هەسـتی بـە تـاریکی و ترســناکی دەکــرد هــاواری دەکــردوو دەیــووت:﴿ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴾،کــەس و کارەکـەی گوێیـان لـە دەنگـی دەبـوو دەهـاتن دەریـان دەکـرد، شـەوێکیان چــووە ناو ئەو گۆڕە تاریکـەوەو سـەری خـۆی داپۆشـی، کاتێـك تـاریکی و تەنگی گۆڕەکە ترسی بـۆ هێنـا بـانگی دەکـردوو دەیـووت: ﴿ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴾، بەڵام هیچ یەکێك لە کەس و کارەکەی گوێیان لێنەبوو، پاش ماوەیـەکی زۆر خێزانەکـەی گـوێی لێبـوو، خێـرا هـات بـۆ لایـی و دەری کـرد، کاتێـك هاتـە دەرەوە دەیووت: ئەی رەبیع کاری چـاکە زۆر بکە پێش ئەوەی بڵێیـت: ﴿ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴾ بەڵام هیچ کەس نییە وەڵامت بداتەوە [١٥].

بەنـدەی موسـڵمان دڵخۆشـە کاتێـك چـــاکە لـە دوای چـــاکە بـۆی دێـت لـە

[١٥] إحياء علوم الدين للغزالي (٢/٢١١).

کاتێکدا لەناو گۆڕەکەیدایە، لە لایەن کەسێکی نزیکی یان هاوڕێیەکی، یان بە هۆی ئەو عیلم و زانیارییەی کە پاش خۆی بە جێی هێشتووە، یان بە هۆی خێرێك کە کردوویەتی و بووەتە خێری نەبڕاوە "الصدقة الجارية".

پێغەمبەری خوا (ﷺ) مژدەی داوە کە چەند کەسێك هەن دوای مردنیشیان بەردەوام خێرو چاکەیان بۆ دەڕوات، هەروەك دەفەرموویێت: ((أَربَعَةٌ تَجري عَلَيهِم أُجُورَهم بَعدَ المَوتِ: مَنْ ماتَ مُرابِطاً في سَبيلِ اللهِ، وَمَن عَلَّمَ عِلمَاً أُجْرِيَ لَهُ عَمَلُهُ ما عُمِلَ بِه، وَمَن تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فأجْرُها يَجري لَهُ ما وُجِدَتْ، وَرَجُلٌ تَرَكَ وَلَدَاً صالِحاً فَهُوَ يَدْعُو لَهُ)) [١٦].

واتە: چوار کۆمەڵ هەن دوای مردنیشیان ئەجرو پاداشتیان بۆ دەڕوات: کەسێك سەنگەری لە پێناو خوای گەورەدا گرتبێت و شەهید بووبێت، کەسێك زانستێکی بە سوودی دوای خۆی بەجێهێشتبێت هەتا ئەو عیلم و زانستە کاری پێ بکرێت ئەوە خێرو پاداشتی ئەو زانستەی بۆ دەڕوات، هەر کەسێك خێرو صەدەقەیەك بکات هەتا ئەوخێرو صەدەقەیە بمێنێت ئەوە خێرو پاداشتەکەی بەردەوام بۆ دەڕوات، کەسێك منداڵێکی چاکی لە دوای خۆی بە جێهێشتبێت، ئەو منداڵە "یان چەند منداڵە" تا دوعای خێری بۆ بکەن ئەوە دوای مردنیشی هەر خێرو چاکەی بۆ دەڕوات.

ئەو کەسانە مردوون بەڵام چاکەکانیان نەمردووە لە دوای مردنی خۆیان،

---

[١٦] رواه الإمام أحمد –الفتح الرباني– (٩/٢٠٤)، والطبراني، وقال الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: صحيح لغيره (١١٤).

بۆیە خۆشبەختیان بۆ هەیە لەوەی کە پێشیان خستووە.

بـەڵام ئـەو کەسـەی کـە مـردووەو تاوانـەکانی نـەمردووە لـە گـەڵیا، ئـەوە بەردەوام ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە دونیا تـا ڕزگـاری بێت لـەو تاوانانـەی کـە کردوویـەتی، دەیـەوێت ڕزگـاری بێـت لــەو تاوانانــەی کــە بەدەسـتەکانی کردوویەتی، وەکو هەندێك لـە ئەکتـەرو گـۆرانی بێـژەکان، ئەوانـەی کیتـابی کردەوەکانیان پڕ کردووە لە هونەرو فیلم و گۆرانی و بەدڕەوشـتی و خـەڵك هاندان بۆ خراپە،....هتد، مردوونەو تەوبەیان لێ نەکردووە، بەردەوام فیلمو شـانۆو کـارە خراپـەکانیان لێدەدرێتـەوە بـۆ خـەڵکی تـا ڕێگـەی خـوای پـەروەردگاریان لێبگـرن نـەهێڵن شـوێنی بکـەون و سـەریان لێبـشێوێنن، ئاواتەخوازن بگەڕێنەوە دونیا، تا خۆیان ڕزگار بکەن لـەوەی کردوویانـە، تـا ئـەو تاوانانـەی کـە بـەردەوام لـەناو گـۆڕدا سـزاکەی بۆیـان دێـت نـەیهێڵن و بیوەستێنن، دەیانەوێت کردەوەی چـاکە بکەن لە کاتێکدا لە دونیاداو پێش مردنیان نەیان دەکرد، دەبێ چییان لە دوای خۆیان بـە جێهێـشتبێت؟ ئایـا تەنها چـەند فیلم و گۆرانی و کارێك نییـە کـە ڕەوشـتی خـەڵکی پـێ خـراپ دەبێت؟ وە ڕێگریان لێ دەکـات لـە گوێڕایـەڵی کردنـی خـوای پـەروەردگارو پێغەمبەر (ﷺ) ؟

بەڵێ ئێستا سزاکەی دێتەوە ڕێیان و باریان گران دەکات، وە خراپەو تاوانی ئەو کەسانەی کە شوێنیان دەکەون دێتـە ڕێیـان و تاوانـەکانیانی پـێ زیـاتر دەبێت و سزایان پێ قورستر دەبێت، بێئەوەی لە تاوان خراپەو سـزای ئـەو کەم بێتەوە کە دەیکەن، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.

کەسی تاوانبارو خراپەکار ئایا گوێبیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبوویتە کە دەفـەرمووێت: ((... وَمَنْ سَنَّ سُنَّةً سَيِّئَةً فَعُمِلَ بِهَا، كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَـــا، وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ، لَا يَنْقُصُ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْئًا))[١٧].

واتـە: هەرکەسـێك ڕێگەیـەکی خـراپ دابنێـت و کـاری پێبکرێـت و خـەڵکی شوێنی بکەون، ئەوە تاوانەکەی لەسـەر شـانی ئـەو کەسـەیە کـە یەکـەمجار دایهێناوە، وە هەرکەسێك کاری پێ بکات و لەسەری بڕوات تاوان و سزای بۆ کەسی یەکەم دڕوات، بێئەوەی لـە تـاوان و خراپـەی هـیچ کەسـێکیان کـەم بکات.

کەسی بەختەوەرو سەرفراز ئەو کەسەیە کاتێـك دەمرێـت تاوانەکانیـشی لـە گەڵیدا دەمرێت "تاوان و خراپەیەکی وای نییە دوای مردنی خەڵکی بیکەن و شوێنی بکەون".

کەسـی هـەژارو دامـاو پاشـان هـەژارو دامـاو ئـەو کەسـەیە کاتێـك دەمرێـت خراپەکانی لە گەڵیدا نامرێـت "دوای خـۆی خراپـەو تـاوانی بـە جێهێـشتووە خەڵکی دەیکەن و لەسەری دەڕۆن"، لەبەر ئەوەی ئاواتـەخوازە بگەڕێتـەوە دونیا تا خۆی ڕزگار بکات لـەو تاوانانـەی کـە بـە دەسـتەکانی کردوویـەتی، بەڵام زۆر دوورە، بـەڵێ زۆر دوورە جـارێکی تـر گەڕانـەوە بـۆ ژیـانی دونیـا، لەبەر ئەوەی لە دونیاوە هاتوونەو بـە ژیـانی دونیـادا تێپـەڕیون و تەمـەنیان

[١٧] رواه الإمام أحمد –الفتح الرباني- (٧١/١٩)، ومسلم (١٠١٧)، والترمذي (٢٦٧٥)، والنسائي (٢٥٥٤)، وابن ماجه واللفظ له عن جرير ﷺ (٢٠٣)، والدارمي (٥١٤).

تیادا بەسەر بردووە، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ﴾.

بەڵێ دیمەنی دەربڕینی تەوبەو پەشیمان بوونەوەیە، بەڵام پاش بەسەر چوونی کات، ئایا دەربڕینی پەشیمان بوونەوە دوای مردن؟ بەڵێ ئاواتەخوازیت بگەڕێیتەوە دونیا، تا ئەو خراپانەی بەجێت هێشتووە بیان کەیت بە چاکە، بەڵام وەڵامی ئەم ئاواتە دواخراوەت دەدرێتەوە: ﴿كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ﴿١٠٠﴾﴾. لەبەر ئەوەی ئومێدێکە لە کاتی تەنگانەو نارەحەتیدا خوازراوە، بۆیە هیچ بەهاو گرنگییەکی بۆ دانانرێت.

دەی ئەی بەندەی خوا ڕستەی "ئاواتی مردووەکان" بەردەوام با لەسەر زمانت بێت، بەردەوام با لە خەیاڵتا بێت، چونکە باشترین هاندەرە بۆ ئەوەی کردەوەی چاکە زۆر بکەیت، وە پێشبڕکێ کردن بۆی باشترین هاندەرە بۆ بەزەیی هاتنەوە بە مردووی موسڵمانان و دوعای خێرکردن بۆیان.

ئەی بەندەی خوا لە خوای پەروەردگار بترسە، ئەو کات و تەمەنەی ماوتە لە عیبادەت و پەرستنی خوادا سەرف بکە، باش بزانە هەر مردوویەك کاتێك کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە، ئێستا پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت، ئاواتەخوازە ژیانی دونیای بۆ بگەڕێتەوە تا گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار بکات، تا حەق و مافی مرۆڤەکان بگێڕێتەوە، ووتنی تەنها یەك "سبحان الله" بەلایانەوە باشترە لە هەموو دونیاو ئەوەی

كە تیایدایە، بە دڵنیاییەوە هەستیان كردووە و دەزانن هیچ شتێك سودیان پێ ناگەیەنێت تەنها عیبادەی خوای پەروەردگار نەبێت.

ئەو كەسەی كاتی بە فیڕۆ ئەدات بە گاڵتەو گەپ و بە دیار كەناڵ و فیلمە بێسوودو زیان بەخشەكان و شوێنە گشتییەكان، ئەگەر دەزانێت مردووەكان ئاواتی چی دەخوازن، ئەوە هەرگیزو بە هیچ شێوەیەك تەنها یەك دەقیقەیەك لە كاتی بە فیڕۆ نادات.

ئەی بەندەی خوا ئەگەر دەزانی تەمەنت چەندی ماوە ئاواتت زۆر نابێت لە دونیا، كردەوەی چاكە زۆر دەكەیت، ئاگاداربە پێت هەڵنەخلیسكێ و لە ڕێگەی ڕاستی ئیسلام لانەدەیت، لە پەشیمان بوونەی دوای مردنت كەم بكەوەو خۆتی لێبپارێزەو لێی بترسە، ژیانت "بوونت، لەش ساغیت" بە غەنیمەت بگرە پێش نەمان و مردنت.

بەڵێ ژیان تەنها چەند فرسەتێكەو لە دەست دەچێت و جارێكی تر ناگەڕێتەوە، كاتێك دەزانیت و خۆت دەبینیتەوە وا لە ڕیزی مردووەكاندایت، هەوڵ بدە چاكە زۆر بكەیت پێش ئەوەی بمریت، دەست پێشخەری بكە لە تەوبە كردن هەتا لە دونیادایت و كاتت هەیە، پێش هاتنی كاتێك كە ناتوانی تەوبە بكەیت و بگەڕێیتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، پێش ئەوەی مردن لە ناكاوو كتوپڕ یەخەت پێبگرێت و ڕێگرت بێت لە كردنی كردەوەی چاكە، ئەو كاتە ئاواتەخوازیت و دەڵێیت: ﴿يَٰلَيۡتَنِي قَدَّمۡتُ لِحَيَاتِي ٢٤﴾ (الفجر: ٢٤)

واتە: خۆزگە كاری چاكەم پێش بخستایە بۆ ژیانەكەم "ژیانی نەبڕاوەو ڕاستەقینە تەنها لە بەهەشتدایە"، بۆیە ئەو كەسە ئاواتەخوازێت كردەوەی

چاکەی زۆرتر بوایە کاتەکانی ژیانی دونیای بە فیڕۆ نەدایە تا ژیانی دوای مردنی خۆشتر بوایە.

موسڵمانی خۆشەویست باش بزانەو وشیاربە ئەو دەقیقەیەی کە لە ژیانت ئەڕوات، ملیۆنەها مردوو ئاواتی پێدەخوازن، تا عیبادەتی خوای پەروەردگاری تێدا بکات، تا تەوبە تازە بکاتەوەو پەشیمانی دەربڕن بگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، بەڵام!!! تا زیکرو یادی خوا بکەن ئەگەر تەنها یەك جاریکیش بێت، بەڵام خۆزگەو ئاواتەکانیان نایاتەدی.

بۆیە مەهێڵە هیچ دەقیقەیەکی ژیانت بەفیڕۆ بڕوات، بەڵکو لە پەرستنی خوادا بەسەری بەرە، پێش ئەوەی داماوی و پەشیمانی دات بگرێت لە ڕۆژێکدا کە پەشیمانی و ئاوات خواستن هیچ سوودت پێناگەیەنێت.

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَٰحَسْرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِى جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾ أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٥٧﴾ أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٩﴾ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾ وَيُنَجِّى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ (الزمر: ٥٦ – ٦١)

واتە: باوەڕ بێنن و کردەوەی چاکە بکەن، نەکا ڕۆژێك بێت بەسەرتاندا (سەرەمەرگ و مردن) ئەوسا کەسێك بڵێت: ئەی هاوارو مەخابن بۆخۆم

لەسەر ئەوەی کە کەمتەرخەمیم کرد لە گەیشتن و نزیک بوونەوە لە خوای پەروەردگار (لە بەهەشتدا)، وە بەڕاستی من لە گاڵتە چییان بووم (لە ژیانی دونیادا)، یان بڵێت: ئەگەر خوای گەورە ڕێنمونی بکردمایە، ئەوە بێگومان لەگەڵ لە خواترسان و کەسانی ئیمانداروپارێزکاران دەبووم، یان کاتێك سزای خوا دەبینێت، بڵێت: خۆزگە فرسەتێکم بۆ دەرەخساو جارێکی تر دەگەڕامەوە بۆ ژیانی دونیا ئەو کاتە لەگەڵ چاکەکاران دەبووم، نەخێر وانییە (ڕاست ناکەیت) خۆ بێگومان بەڵگەو ئایەتەکانی منت پێگەیشتبوو، بۆت باس کرابوو دەتزانی، بەڵام باوەڕت نەهێناو خۆت بەگەورە زانی، وە تۆ لە بێباوەڕان بوویت و لەگەڵ ئەواندا بوویت و کردەوەی ئەوانت دەکرد، وە لە ڕۆژی دواییدا دەبینیت ئەوانەی درۆیان بۆ خوا هەڵدەبەست ڕوویان ڕەشە، ئایا لە دۆزەخدا شوێنێك نییە بۆ خۆ بەگەورەزانان؟ "بەڵێ بێگومان دۆزەخ شوێنی بێباوەڕان و هاوەڵ بڕیاردەران و خۆ بەگەورەزانانە"، وە ئەو کەسانەی کە خۆیان پاراستبوو (لە شیرك و کوفرو) خوای پەروەردگار ڕزگاریان دەکات، چونکە لە دونیادا ڕێگەی ڕاست و ڕزگاریان گرتبووەبەر، بۆیە لە دواڕۆژدا نە تووشی ناخۆشی و ناڕەحەتی دەبن، وە نە خەم و خەفەتیش دەخۆن.

**ئایا دەتوانین لە خەم و پەژارەو ئازاری مردووەکانمان کەم بکەینەوە؟**

بەڵێ دەتوانین لە خەم و پەژارەو ئازاریان کەم بکەینەوە ئەویش بە پاڕانەوەو داوای لێخۆش بوون کردن بۆیان، وە بە خێرو صەدەقە کردن بۆیان، کە ئەمەش باشترین دیارییە، ئێستا مردووەکان چاوەڕێ دەکەن تا لە ئێمەوە پێیان بگات، بەڵام کێ هەیە ئەو کارە بکات و دەست پێشخەری تێدا بکات؟

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: ((إنَّ الرَّجُلَ لَتُرْفَعُ دَرَجَتُهُ في الجَنَّةِ، فَيَقولُ: أنَّى لِي هذا؟ فَيُقالُ: باسْتِغفارِ وَلَدِكَ لَكَ)) [١٨].

واتە: پیاوی موسڵمانی واهەیە لە بەهەشتدا پلەی بەرز دەبێتەوە، ئەویش دەڵێت: ئەی پەروەردگار چۆن ئەوها پلەم بەرز بووەوە؟ دەوترێت: ئەو پلە بەرز بوونەیەت بە هۆی دوعای خێرو داوای لێخۆشبوونی منداڵەکانت بووە کە بۆیان کردوویت.

موسڵمانی خۆشەویست زۆر بە دڵسۆزییەوە دوعای لێخۆش بوون بۆ مردووەکان بکە بە تایبەتی دایك و باوکت، تا خوای پەروەردگار لێیان خۆش بێت و دوای مردنت دڵی کەسانێك نەرم بکات و بە دڵسۆزی دوعای خێرت بۆ بکەن و داوای لێخۆش بوونی تاوانەکانت بۆ بکەن.

---

(١٨) رواه الإمام أحمد (بلفظ إن الله ليرفع الدرجة)–الفتح الرباني– (٩/٢٠٥)، والبيهقي، وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٦١٧)

داواکارین لە خوای پەروەردگار بە ناوە جوان و سیفاتە بەرزو پیرۆزەکانی تا یارمەتی دەرمان بێت بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو ڕۆژەی کە دونیا بە جێدەهێڵین و بەرەو ماڵ و گۆڕی تەنگ و تارمان دەکەوینە ڕێ، بمان گێڕێت لە بەختەوەرو سەرفرازان و ڕزگاربووان، نەمان گێڕێت لەو کەسانەی لەناو گۆڕەکانیاندا پەشیمانی دەردەبڕن، آمیــــــــــن.

﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾ ﴾ (البقرة: ٢٨٦).

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على محمد وعلى اله وصحبه وسلم.

# ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................ ٤

ئاواتی مرۆڤەکان جیاوازە ........................................ ٨

ئاواتی مردووە ئیمانداره‌کان ........................................ ١٣

ئاواتی بێئاگاو خراپەکاران ........................................ ٢١

**ئاواتی یەکەم**: نوێژ کردن ........................................ ٢٢

**ئاواتی دووەم**: صەدەقەو ماڵ بەخشین ........................................ ٢٥

**ئاواتی سێیەم**: بوون لەگەڵ پیاوچاکان و کردنی کردەوەی چاکە ...... ٢٨

خواپەرستی پیاوچاکان و ترسیان لە ژیانی دوای مردن ............... ٣٢

ئایا دەتوانین لە خەم و پەژارەو ئازاری مردووەکانمان کەم بکەینەوە؟ ٤٣

**ناوەڕۆک** ........................................ ٤٥